# ئایا ڕۆژوو لەسەر هاوڵاتیانی ناوچە زۆر گەرمەکان واجبە، لەکاتێکدا زۆر نارەحەتە گرتنی

< كوردي >

## لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتوادان

وەرگێران:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل يجب الصيام على أصحاب المناطق الحارة جداً مع صعوبته عليهم؟

< كردي >

## اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا ڕۆژوو لەسەر هاوڵاتیانی ناوچە زۆر گەرمەکان واجبە، لەکاتێکدا زۆر ناڕەحەتە گرتنی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتوادان کراوە :

**پرسیار :** لە ناوچەی بیابانی گەورە - کە دەکەوێتە باکوری کیشوەری ئەفریقا – کە ناوچەیەکی یەجگار گەرمە، ئەم ڕەمەزانەیش کە کەوتوەتە نێو چلەی هاوینەوە هێندەی تر ڕۆژوویان لەسەر خەڵکی ئەو ناوچانە گرانتر کردووە، بگرە دەتوانم بڵێم موستەحیلە گرتنی ڕۆژوو بەوەها حاڵێکەوە، ئەمەش تا چەند ساڵێك درێژە دەکێشێت، ئایا خەڵکی ئەو ناوچەیە چۆن ڕۆژوو بگرن ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی موکەلەف ( موسڵمانی عاقڵی باڵغ )ی نیشتەجێ وجەستە تەندروست ڕۆژوو بگرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [ البقرة : 185 ] .

واتا : هەر کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی ( یان هەواڵی بینینی پێدرا )، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لەڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە.

واجبە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگیرێت هەرچەند کاتەکەش کاتێکی گەرم بێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ڕوکنێکە لە ڕوکنە گەورەکانی ئیسلام، جا هەر کەسێك بەڕۆژوو بوو، بەڵام گەرمی و تینویەتی زۆری بۆ هێنا و نەیتوانی بیگرێت، بەشێوەیەك ترسا لەوەی کە بمرێت و تیا بچێت، ئەو کاتە ڕۆژوەکەی دەشکێنێت بە و ئەندازەیەی کە بتوانێت جارێکی تر بژێتەوە دەخوات و دەخواتەوە،

بەڵام دواتر دەبێت ( لەبەر ڕێز و حورمەتی مانگی ڕەمەزان ) دەست بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە، وپاش ڕەمەزانیش ئەو ڕۆژە بگرێتەوە ...

خوای گەورەش زاناترە ...

خوای گەورە پشت وپەنای هەموان بێت، ودرود و صەڵات وسەلام لەسەر پێغەمبەری خوا و ئال وبەیت و یار ویاوەرانی ..

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتوادان ..

الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز، الشيخ عبد الله بن غديان، صالح الفوزان، الشيخ عبد العزيز آل الشيخ، الشيخ بكر أبو زيد.

" فتاوى اللجنة الدائمة - المجموعة الثانية " (145/9) .